# حزب دەبێ توانای شکڵپێدانی پراتیکی کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆر بەخش نیشانبداتو ببێتە رەمزو ئاڵای مەسەلەو خواستە قوڵو گرنگەکانی ئێستای کۆمەڵگا

## گفتوگۆی بڵاوکراوەی کۆمۆنیست (بڵاوکراوەی فارسی زمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران-حیکمەتیست) لەگەڵ رێبوار ئەحمەد

**کۆمۆنیست/ هاوری رێبوار ئەحمەد لەگەل گەرمترین پیرۆزبایی بە بۆنەی بەرپاکردنی سەرکەوتوانەی کۆنگرەی حیزبەوە، ئەم کۆنگرەیە چ جەهەتگیریو پەسەندکراویکی خستە دەستورەوە بۆ گۆرینی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق بە حیزبیکی سیاسی جەماوەری گەورەو ئەلتەرناتیوی رزگاری بەخشی کۆمەلگای عیراق؟ بەلکو سەرخەتی پەسەندکراوەکانی کۆنگرە بە کورتی بۆ خوێنەرانی تینوی کۆمۆنیست روون بکەیتەوە؟**

رێبوار ئەحمەد/ لە راستیدا خودی کۆنگرە بە گشتی لە جهەتی ئالوگۆرپیدانی حیزب بەرەو حیزبیکی سیاسی جەماوەری گەورەی ئازادیبەخشی کۆمەلگا بەرپاکرا. مەبەستم ئەوەیە جیاواز لەوەی وەکو بەشیك لە ژیانی رۆتینی حیزبی بەریوەچوو، زەرەورەتیکی سیاسی تایبەتی بەستنی ئەم کۆنگرەیە ئەوەبوو کە دوای ئالوگۆرەکانی ماوەی دووسالی رابردوی عیراقو بەم پێیەش پیکهاتنی ئالوگۆری گەورە بە سەر خودی حیزبو جیگاوریگای سیاسیو کۆمەلایەتی حیزبدا، ئیتر بەگەرمی مەسەلەی کۆنگرە بۆ وەلامدانەوە بەم وەزعیەتەو مەسەلەو نەبەردە تازەکانی بەردەم کۆمۆنیزم هاتە دەستورەوە. هەر بەم پێیە تەواوی باسو برگەکانی کۆنگرە پەیوەندیان بەم جهەتگیریەوە هەبوو.

لە راپۆرتیکی سیاسیدا کە سەبارەت بە رەوتی ئالوگۆرە سیاسیەکانی ئەم دوو سالەو جیگاوریگای بزووتنەوەو هیزە سیاسەکان بوو لەوانە کۆمۆنیزمی کریکاریو حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری، لەم روانگەیەوە دەوری حیزب لە دوو سالی رابردوودا هەلسەنگیندراو خالە بەهیزو لاوازەکانی لیکدرایەوە. کە تیایدا سەرباری نرخاندنی هەلسورانی فراوانو گەورەی حیزب لەو دوو سالەدا، تەئکید لەسەر ئەو مەسەلە سەرەکیە کرا کە حیزب دەبی لە موقعی فشارهینان لەسەر هیزەکانی دیکەو تەرح کردنی بەدیلی خۆی واوەتر بروات، دەبێ بە وینەی هیزیکی سیاسی جەماوەریو کاریگەر پێ بنیتە مەرکەزی کیشە لەسەر دەسەلاتو نەخشاندنی ئایندەی کۆمەلگا. وەلام دانەوە بەم مەسەلەیە ئەتوانم بلیم خەتی سەرەکی کۆنگرەی پیکهینا.

پێ لەسەر ئەوە داگیرا کە دەبێ حیزب بەوینەی حیزبیکی سیاسی دەرکەوێ کە لە ئاستیکی کۆمەلایەتیدا لەگەل مەسەلەو کیشە سەرەکیەکانیدا گرێ بخوات. جگە لەوەی وەلامی رۆشنو عەمەلیو کارسازی بۆ کیشەو مەسەلەکانی کۆمەلگا هەبیت، توانای شکلپیدانی پراتیکی کۆمەلایەتی ئالوگۆر بەخش نیشانبداتو ببیتە رەمزو ئالای مەسەلەو خواستە قولو گرنگەکانی ئیستای کۆمەلگا. رابەرانی سیاسیو شخصیاتەکانی لە ئاستی کۆمەلایەتیدا دەرکەونو لەگەل مەسەلە گرنگەکانی ئەم دەورەیەدا ئاویتەبنو متمانەی خەلك بە دەست بهینن، بە کردەوەو ئاشکراو راشکاوانە لە مەیدانی جۆراوجۆرداو لە ناوەندی کیشمەکیشە سیاسیو کۆمەلایەتیەکاندا رابەرایەتی خەباتی جەماوەریو بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان بە دەستەوەبگرن، لە پیکهاتی رابەری کۆمەلگادا جیگا پەیدا بکەن.

هەروەها حیزب پیویستی بەوەیە وەسیلەی کارسازی هەبیت بۆ گەیاندنی دەنگی خۆی بە کۆمەلگا. لە جیدالاتی فکریو سیاسی ناوکۆمەلگادا چالاکانە دەخالەت بکات، لەگەل بەدیلەکانی تردا جدل بکاتو کۆمەلگا لە دەوری خۆی پۆلاریزە بکات، رەخنەو ئەفکاری سۆسیالستی شکلپیبدات. سازمانە محلیەکانی لە ئاستیکی فراواندا دامەزرینێ. دەبێ ستون فەقەراتی حیزب لە ریزیکی فراوان لە کادرانێکی مارکسیست بینا بکات کە نەخشەو ئاسۆی حیزب بە گشتی دەبینن، لە رووی فکریو تیوریەوە بە توندی بە مارکسیزم پابەندنو بە قولی لە مارکسیزمو حیکمەتیزمو ئامانجو بەرنامەو سیاسەتەکانی حیزب گەیشتوون، خەسەلەتە فکریو سیاسیو کۆمەلایەتیو عەمەلیەکانی حیزب دەپاریزن. هەروەها هەر بەوجۆرەی هەیە حیزب دەبێ وەکو حزبیکی مارکسیستی رادیکالو ماکزیمالیست دەرکەوێو قسەی تەواوو بێ کەمو کەسەری خۆی لەسەر دینو ناسیونالیزمو ئازادیو ستەمکیشی ژنانو هەموو مەسەلەیەکی کۆمەلگا بە روونو راشکاوی بەیان بکات. دەبێ پەتانسیلی چەکدارانەی بەهیزی هەبیت.

ئەم جهەتگیریو تصویرە سیاسیانە کە وەکو ئەنجامگیری لە راپۆرتی سیاسیدا خرابونە روو لەلایەن کۆنگرەوە تەئید کرا. بەم جهەتگیریانەوە پیداگری کۆنگرە لەسەر ئەوەبوو کە حیزب لە ریگای هینانەمەیدانو سازدانو رابەری کردنی بزووتنەوەی جەماوەری بۆ دەرهینانی کۆمەلگا لە وەزعی کارەساتباری ئیستا دەتوانێ جەماوەری بیتەوەو بە ووینەی حیزبیکی سیاسی رزگاری بەخش لە مەیدانی کیشە لەسەر چارەنوسی کۆمەل دەوربگیریت. بۆ ئەم مەبەستە بەریخستنی بزووتنەوەی جەماوەری بۆ دەرهینانی کۆمەلگا لە گیژاوی تیرۆرو داگیرکاریو جەنگو بیدەرەتانیو لە پیناو سازدانەوەی ژیانی مەدەنیو خواستە دەستبەجیکانی خەلك، جهەتگیری ئەصلی کۆنگرە بوو. لەم بارەیەوە کۆنگرەی ئازادی عیراقو کۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دوو پرۆژەی گرنگو سەرەکی حیزبن کە لەم پیناوەدا بەریخراوونو کۆنگرەی سێیەم بە مەحکەمی لە پشتیان راوەستا.

ئەودوای باسو پەسەندکراوەکانی کۆنگرەش هەموو روویان لە بەهیزکردنی ئەم جهەتگیریە بوو. بریارنامە لەسەر جیابونەوەی کوردستان وەکو ریگاچارەیەکی کارساز بۆ چارەسەری کیشەی کوردو دەرهینانی کۆمەلگا لە گیژاوی خەتەری شەروکیشەی قەومیو لە رکێفی ناسیونالیزم، لە هەمان کاتدا سەنەدیکە بۆ بەهیزکردنی پرۆژەی کۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان. بەیاننامەی مافە جیهانداگرەکانی ئینسان وەکو بەدیلی کۆمۆنیزمی کریکاری بۆ مافە حاشاهەلنەگرەکانی ئینسان لە ئاستی هەموو جیهاندا، بەرووی تەرحە بۆرژوازیە جۆراوجۆرەکاندا کە کۆمەلیك مافی کەمو کورتو یەکسانیەکی روالەتیو بەناوەرۆك پر لە هەلاواردن بۆ مافەکانی ئینسان بەیان دەکەن. بەلام ئەم بەیاننامەیە بە تایبەتی بۆ ئیستای عیراق لە خەباتی حیزب بۆ رزگاری کۆمەلگادا جیگایەکی زۆر گرنگ پەیدا دەکات، چ لەو روەوە کە لە نیو ئەم سیناریۆ کارەساتبارەدا سەرەتاییترین مافەکانی ئینسان پیشیلکراوە، چ لەو روەوە کە ئەم کۆمەلگایە لەسەر لیواری دەورەیەکی تازەی دارشتنەوەی یاساو دەستورو بیناکردنەوەی دەولەت راوەستاوە. ئەم بەیاننامەیە دەتوانێ ببیتە بنەماو چوارچیوەیەك بۆ سەپاندنی مافە حاشاهەلنەگرەکانی ئینسان بەسەر هەر یاساو دەستوریکدا کە بۆ کۆمەلگا

دادەنریت.

تەواوکەری بنەما ریکخراوەییەکانی حیزب بەلگەنامەیەکی دیکەی کۆنگرە بوو، کە لە چوارچیوەی باسی گۆرینی حیزب بە حیزبیکی سیاسی جەماوەری گەورەو رزگاری بەخشدا جیگا پەیدادەکات. حیزبیکی لەم بابەتە دەبێ هەموو یاساو ریساو چوارچیوەو لایەنەکانی کارو ژیانی ناوخۆی حیزبی رۆشنو مەلموس بیت. ئەم بەلگەنامەیە وەلام بەم پیویستیەو لایەنی ریکخراوەیی حیزبی سیاسی دەداتەوە. هەروەها بریارنامەیەکی دیکەمان لەسەر دەولەتی کاتی تازە راگەیەنراو هەبوو. هەلبەت لە کۆنگرە تەرح کرا بەلام بە هۆی کەمی کاتەوە تەواو نەکراو سپیردرا بە پلنۆمی کۆمیتەی مەرکەزیو دواتر لەوێ تەواو کرا.

هەلبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی تازە بۆ لە ئەستۆگرتنی راپەراندنو بردنەپیشەوەی ئەم سیاسەتو پرۆژانە، هاوتای هەمان جەتگیری کۆنگرە بوو. کە بە بروای من کۆمیتەی ناوەندی هەلبژیردراو چ لە رووی حەجمو چ لە رووی پیکهاتەوە جەهەتی پیشرەوانەی کۆنگرەی تەکمیل کردو دەکری ئومیدیکی گەورە لەسەر دەورەی هەلسورانی حیزب لە سایەی ئەم رابەریەدا دابنێین.

**کۆمۆنیست/ کۆنگرە چۆن روانیە پیکهاتن و هەلسورانی عەمەلی کۆنگرەی ئازادی عیراقو ئاسۆی ئەم پرۆژەیە؟**

ڕێبوار ئەحمەد/ لە کۆنگرەدا پرۆژەی کۆنگرەی ئازادی عیراق وەکو ئیبتکاریکی زۆر گەورەی حیزب چاوی لی کرا، ئیبتکاریك کە دەتوانی دەروازە بەرووی دەربازکردنی کۆمەلگای عیراق لەم وەزعە کارەستبارە بکاتەوە، دەتوانیو زەمینەی لەباری ئەوەی هەیە کە هیزیکی عەزیمی کۆمەلایەتیو قوتبیکی بەهیزی خاوەن بوعدی جیهانی لەبەرامبەر شەرو داگیرکاریو پیشبرکێی تیرۆریستی ئیستادا شکلپیبدات. ئەمە وەکو هەنگاویکی گرنگ لە جەهەتی گۆرینی حیزب بە هیزیکی سیاسی جەماوەری گەورەو کاریگەر چاوی لیکرا کە دەتوانێ وەکو رابەری بزووتنەوەیەکی جەماوەری گەورە دژی لیکهەلوەشانی شیرازەی ژیانی مەدەنی دەوربگیرێو لە مەرکەزی کیشە لەسەر دەسەلاتو ئایندەی کۆمەلگا پی بچەقینێ. ئەمە پرۆژەیەکە کە حیزب بە هۆیەوە دەتوانی لە ئاستی بەرینی کۆمەلایەتیدا هیز بۆ رزگاری کۆمەلگای عیراق هەلخرینێ. ئەمە ئاسۆیەکی رووناكو ئومید بەخش بەرووی بزووتنەوەی بەشەریەتی موتەمەدنی دنیا دەکاتەوە دژی شەرخوازی ئەمریکاو بەرامبەرکێی تیرۆریستی لەگەل ئیسلامی سیاسی.

کۆمەلگای عیراقو تەنانەت بەشەریەتی دنیا لە تەنگانەیەکی گەورەدا گرفتار بووە بە هۆی بەربەریەتی بورژوازیو بە تایبەتی دوو جەمسەری تیرۆریستی جیهانیەوە. وەلامی ئەم تەنگانەیە بە شیوەو ریگای تەقلیدی نادریتەوە، جەماوەریکی فراوان لە خەلکی دنیا لەم تەنگانەیە رەنج دەباتو لە دژی بە مەیدان هاتوەو دەکری لە ئاستی فراوانتریشدا بهینریتە مەیدان. ئەمە کاری کۆمۆنیزمی کریکاریو حیزبی ئەم بزووتنەوەیەو دەبێ پەتانسیلی سازدانو رابەری کردنی ئەم هیزو بزووتنەوە فراوانترە لە خۆی نیشانبداتو ئاسۆی پێ ببەخشێ. ئەمە لە دریژەی هەمان تصویردایە کە دوای 11ی سەپتەمبەر منصور حکمت ئەرکی رابەری کردنی بزووتنەوەی بەشەریەتی موتەمەدنی بۆ کۆتاییهینان بە تیرۆریزم خستە ئەستۆی کۆمۆنیزمی کریکاری. ئیستا لە دریژەی هەمان رەوەندا عیراق بووەتە سەنتیزی ئەو بەربەریەتو جەنگە تیرۆریستیەی کە منصور حکمت پیشبینی کردبوو. ئەرکی کۆمۆنیزمی کریکاریە کە هەر لەم مەیدانی سەنتیزەدا ئەم بزوتنەوەیە ریکخراوو رابەری بکاتو لە مەیدان رایگریت.

لە بارەی هەلسورانی عەمەلی تا ئیستای کۆنگرەی ئازادی عیراقەوە لە کۆنگرە فرسەت کەم بوو بەلام لە پلینۆمی دوای کۆنگرەدا قسە کرا. لە راستیدا لیکدانەوە ئەوەبوو کە هیشتا بە تەواوی کاری کۆنگرەی ئازادی دەستی پینەکردوەو هیشتا لە قۆناغی راگەیاندنی پیکهاتندا راوەستاوە. بەلام هەر لەم ئاستەدا پیشوازی فراوانی لی کراوە هەم لە ناوەوەو هەم لە دەرەوەی عیراق. ناوکۆکەیەکی بەهیز بۆ پیکهاتنی ناوەندەکانی لە بغدادو بصرەو کرکوكو موصلو حلەو چەندین شاری دیکەی عیراقو هەوەها لە وولاتانی ئەووروپاو کەنەداو ئەمریکاو ئوستراليا پیکهاتوەو لە یابان چەند هەنگاویکیش لە پیشترە. ئەم پرۆژەیە بەم ماوەیە بوەتە جیگای سەرنجی فراوان لە ئاستی ناوخۆو دەرەوەدا. هەلبەت هیشتا بەشیکی زۆرتر لە قۆناغی سەرنجدانو لیۆردبوونەوەدان. بە هەلگرتنی هەنگاوی عەمەلی گەورەتر چاوەروان دەکریت بە فراوانی بەروپیری بین. بە کورتی بلیم تصوری ئیمە بۆ ئەم پرۆژەیە بە هیچ جۆریك ئەوە نیە کە کاریکی رۆتینی تازە بۆ خۆمانو ناویکی دیکە بۆ لیستی ئەحزابو ریکخراوەکانی سەر ساحەی عیراق زیاد بکەین. چاوەروانیو پیشبینیو تصوری ئیمە بۆ کاری کۆنگرەی ئازادی عیراق ئەوەیە کە بە خیرایی ببیتە میحوەرو رابەری بزووتنەوەیەکی جەماوەری فراوان دژی وەزعی ئیستاو لایەنە کارەساتبارەکانی، ببیتە بەدیلیك بۆ رزگارکردنی کۆمەلگای عیراق لە جەنگو داگیرکاریو تیرۆریزمو ئیسلامو ناسیونالیزم، ببیتە بەدیلی سازدانەوەی ژیانی مەدەنیو ئیرادەی جەماوەری خەلك بکاتە بریاردەر لەسەر ئایندەیەکی درەخشان بۆ کۆمەلگای عیراق.

**کۆمۆنیست/ کۆنگرە بریاریکی لەسەر بەرپاکردنی ریفراندۆم بۆ جیاکردنەوەی کوردستان تەئیید کرد. سەختیەکانی بەردەم پیادەکردنی ئەم بریارە لە هەلومەرجی ئیستادا چۆن دەبینی؟**

ڕێبوار ئەحمەد/ لە پیشدا ئەوە بلیم جیابونەوەی کوردستان ریگاچارەیەکی کارسازو لە ئیستادا زۆر پیویستە بە تایبەت جگە لە بوونی کیشەی کورد وەکو کیشەیەکی سیاسی تاریخی، ئیستا کۆمەلگا لەبەردەم خەتەری گەورەی تەقینەوەی شەری قەومیدا قەراری گرتووە. لە دوای سیناریۆی هەلبژاردنەوە کە خۆی لە خۆیدا شەڕیکی قەومی مەزهەبی گەورەبوو بەرپاکراو قلشتو کینەی قەومیو مەزهەبی زۆر قولکردەوە. ئەو حکومەتەش کە لە ئەنجامی ئەو سیناریۆیەوە پیکهاتوە هەر بەم بارەدا وەزعەکەی پالناوەو پێی خۆی لەسەر نەفرەتو کینەی قەومیو مەزهەبی داناوەو هەرساتیك بتەقیتەوە تراژیدیای گەورە دەخولقینێ. ناسۆنالیزمی کوردو عەرەبو رەوتە ئیسلامییەکان یاریکەرانی داهاتووی ئەم کێشمەکێشە قەومیەنو مەسەلەی کورد بیانوویەکی گرنگە بۆ دەستپێکردنی ئەم تراژیدیایە. بۆیە بەرلەوەی بچینەسەر ئەوەی کە ئایا ئەم تەرحە عەمەلییە یان نا، دەبێ ئەوە بزانین کە ئەمە رێگاچارەیەکی سیاسی دروستە.

تا ئەو جیگایەی بە زەمینەکانی جێبەجی بوونی ئەم بریارە دەگەریتەوە بە بروای من زۆر فاکتۆری ناوخۆییو ناوچەییو جیهانی بە قازانجی ئەم تەرحە گۆراوەو زەمینەکەی لەبارترە. وەزعی عیراقو ئالوگۆرەکانی دوو سالی رابردوو حەساسیەتی دەولەتانی ناوچەکەو جیهانی بەرامبەر جیابونەوەی کوردستان هیناوەتە خوارەوەو ئەو

بەرژەوەندیانەی پیشوتر لە ریگای پیداگری لەسەر یەکپارچەیی عیراقەوە تاقیبیان دەکرد ئیستا تا رادەیەکی زۆر گۆراوەو بەشیوەی دیکە بەدوایەوەن. هەروەها سەرقالی ئەم دەولەتانە بە گرفتاریەکانی خۆیانەوە توانای ئەوانی بۆ وەستانەوە دژی ئەم مەسەلەیە کەمتر کردوەتەوە. خودی دەولەتی عیراقو سوپاکەی کە پیشوتر فاکتەریکی هەرەشەو مانعی جدی بوون لەسەر ئەم مەسەلەیە، ئیستا نەبونی دەولەتیکی جیکەوتەو خاوەن دامو دەزگای سەرکوت لە مەرکەز دیسان فرسەتی زۆرتر دەدات بە جیٚبەجیٚ بوونی ئەم تەرحە.

بەلام بە بروای من فاکتەریکی گەورەی ریگر لەبەردەم ئەم تەرحە لە ئیستادا دەورو کارکردی ناسیونالیزمی کوردە، بە تایبەتی ئەم دوو سالە لەسەر حسابی داروخانی شیرازەی ژیانی مەدەنی کۆمەلگای عیراقو داگیرکاریو بیدەرەتانی خەلکی عیراق سەرمایە گوزاری کرد. بەم جۆرە هەم قلشتو کینەی قەومی توندو قولکردەوەو هەم دەسەلاتی خۆی لە کوردستانو بەشە دەسەلاتی خۆی لە مەرکەزدا لانی کەم بۆ دەورەیەك بەهیزتر کردەوەو ئاسۆی خۆی سوار کردوە. ناسیونالیزمی کورد چ بەو هۆیەوە کە ستراتیژی خۆی لەگەل سیاسەتی ئەمریکا گریداوەو لەو چوارچیوەیەدا تاقیبی ئامانجەکانی خۆی دەکاتو چ بەو هۆیەوە کە وەزعی کارەستباری ئیستای عیراق بە گونجاو دەزانیٚ بۆ قایمکردنی جیگاوریگای خۆی، دژایەتی خواستی جیابونەوەی کوردستان دەکات. تەنانەت دەوروکارکردی ناسیونالیزمی کورد مەیدانی بەروی ناسیونالیزمی عەرەبو تورکیش کردوەتەوەو بە هەر سی لایان فەزایەکی قەومپەرستانەیان پیکهیناوە کە کۆسپی گەورەی بۆ ئەم مەسەلەیە دروست کردوە. بە تایبەتی ناسیونالیزمی عەرەب کە ئیستا هەست بە شکستو سوکایەتی دەکات، لە کەمیندا خۆی مەلاسداوەو هەر فرسەتیك پەیدا بکات لەبەرامبەر دەورکارکردی ناسیونالیزمی کورددا کاردانەوەیەکی فاشیستی توندی دەبیت.

جیگاوریگای ئیستای ناسیونالیزمی کورد خۆشباوەری بە فیدرالیزم زیاتر کردوە بە تایبەتی دانانی تالەبانی بە سەرۆك کۆمار. لانی کەم لە ئیستادا ئەو راستیەی لەبەرچاو خەلك کالکردوەتەوە کە دورنمای ئەم هاوکیشەیەی لە سایەی داگیرکاری ئەمریکادا شکلی گرتوە ناتوانی پایەدارو مەحکەم بیتو رەنگە بە کارەسات تەواو بیت.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە چەند سالی رابردوودا کۆمۆنیزمی کریکاریو حیزبی ئیمە بەپیٚی لیکدانەوەکانی بۆ وەزعی ئیستاو ئەبعادەکانی کیشەی کوردو کۆمەلگای کوردستان، تاقە هیزی پەیگیرو راوەستاوە لە پشت خواستی ریفراندۆم بۆ جیابونەوەی کوردستانو هێزێکی دیکە لەم مەیدانەدا نییە، ئەمە کارو ئەرکی کۆمۆنیزمی کریکاری قورس دەکات. پیادەکردنو عەمەلی کردنەوەی ئەم تەرحە لە بنەرەتدا بەندە بە دەورو کارکردی حزبی ئێمە لەم مەیدانەدا. کۆنگرە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەگەر حزبی ئێمە لە کوردستان دەیەویٚ بەوێنەی هێزێکی دەرگیر لە مشتومرِ لەسەر دەسەڵات لە گۆرِەپانی سیاسی کوردستاندا دەربکەوێت، ئەوا ئەمە پرۆژەیەکی گەورەی ئەوە.